# مارکس و هیومانیزم

و- ئا: ئەکرەمی میهرداد
(سلێمانی)

(١ - ٢)

**پێشەکی**

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە کۆمۆنیزمی سیاسی و ڕەسمی شکستی هێناوە، سەرمایەداری خۆی بە پیرۆز و سەرکەوتوو دەزانێ و هەندێک لە چەپەکانیش مارکسیزم بە مردوو دەزانن، بەڵام ڕێباز، یان دیدگای مرۆڤباوەڕی و ئازادیخوازی و داکۆکی لە مرۆڤایەتی دەتوانن ڕێنما، یان چرای ڕێگای ڕەخنە و نەیاری بن بۆ ریسواکردنی ڕژێمە تۆتالیتارەکانی سەر بە ئۆردووگای بە ناو سۆسیالیستی سۆڤیەت و چین و هاوشێوەکانیان، هەروەها دەتوانن دیموکراسی بۆرژوایی و سەرمایەدارانەی شارستانی ڕۆژئاواش بخەنە بەر ڕەخنە. ڕێبازی مارکس بۆ داکۆکی لە ئازادی مرۆیی و دیموکراسی مرۆڤایەتی و میتودو فەلسەفەی مرۆڤباوەڕی دەتوانێت ڕەخنەی دروست و ئەڵتەرناتیڤی باشتر بۆ سەرمایەداری و دیموکراسی ئەمرۆ بخاتە ڕوو، هەروەک چۆن دەتوانێ سەرکوت و فریوەکانی سۆسیالیزمی درۆیینەش ئاشکراتر بکات.

مارکس لە سنوورەکانی فەلسەفە و ئایدیالیزم و سیاسەت و ئابووریی سیاسی فراوانتر دەڕوات و ڕوانگەی خۆی لەسەر حەقیقەت و نیازەکانی مرۆڤ دادەنێت، ئەمەش ئەو کارەیە کە ئەوانەی دوای خۆی بەناوی مارکسیزم و لینینیزم و سۆسیال دیموکراسی و بیرو باوەڕی ماوتسی تۆنگ و چی و چی نەیانکرد. لە کاتێکدا مارکس لە مرۆڤ و ژیان و نیازە کردەییەکاندا خەبات و بیرباری دەکرد، ئەوان مرۆڤیان لەناو چەمک و بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیاکاندا دیل دەکرد.

ئەم نووسینەی کە جۆرێکە لە وەرگێران و ئامادەکردن و هەروەک لە دەقەکەشدا دەبینرێ و لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، هەوڵێکە بۆ ناسین و ڕەخنەکاری لە دیدگای دیموکراسی نەریتی و سیاسی لەلای ئەوانەی بە

ناوی لیبرالیزم و لیبرالیزمی نوێی دیموکراسییان لە سنوورەکانی ئازادی سیاسی و ئازادی خاوەندارێتیدا دیل کردووە، هەروەها ڕەخنەش لە دیموکراسی شێوازی میللی، یان خەڵکی لە پەیڕەوەکانی ناسراو بە کۆمۆنیزمی ڕووسی و سۆسیال دیموکراسی و پەیڕەوەکانی دیکەی بەناو مارکسیزمی سەدەی بیست و دیسان ڕەخنەی مەبەست و ئامانجدارە بەرانبەر بەو لایەنە چەپ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستانەی کە خەباتی چینی کرێکار و سۆسیالیزم و مرۆڤایەتییان بۆ هێنانەدی ئاکامەکانی لەبەرهەمی ئێستایی و ئەمڕۆیی دوورخستووەتەوە و تەنیا ئامانجی کۆتاییان بە هەند وەرگرتووە، ئەوان ئەوەیان نەزانیوە، یان فەرامۆشیان کردووە کە سۆسیالیزم لەلای مارکس وەک ڕووداوی کۆتایی سەرمایەداری پێشکەوتوو و خەباتی بەردەوامی سۆسیالیستەکان و لەم دیدەشەوە گرنگی و کاریگەریی خەباتیان بۆ ئازادی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی بە هەند وەرنەگرتووە، یان فەرامۆشیان کردووە.

ئامانجی مرۆڤباوەڕی مارکس ئەوەیە کە دیموکراسی و سۆسیالیزم، سەرمایەداری و سۆسیالیزم، ئابووری سیاسی و فەلسەفە و کاتی کار و کاتی ئازاد، تیوری و کار لە دیالێکتیکی مێژووییدا پێکەوە دەبەستێ و ڕێبازی مارکس دەبێتە ئەو هێزە یەکێتی بەخشەی کە ڕوانگە و ناسین و هۆشیارییە بۆ گەشەی مێژوویی و مرۆڤایەتی.

ئامانجی ئەم نووسینە هەوڵێکی بەراییە بۆ تێگەیشتن و سازدانەوەی ڕوانگەی تیوری مارکس بۆ ئازادی و دیموکراسی و مرۆڤباوەڕی کە دەبێتە پێگەی سازکردنی تیوری و بەرنامەی بزاڤی سۆسیالیستی (یان دەخوازێت ئەو کارە بکات!) و ناساندنی ڕوانگە و ئەڵتەرناتیڤێکی مرۆڤانە بەرانبەر هەموو دەسەڵات و سیستمە سیاسییەکانی ئەمڕۆی جیهان. هەمووان دەزانین کە ڕەخنەو نەیاریی نێوان خودی بزاڤی کرێکاری و سۆسیالیستی و نەیارانی ئەم بزاڤەش بەرانبەر ئامانجی سۆسیالیزم نەبووە کە نەهاتووەتە دی، بەڵکو لەسەر نەخش و کاریگەری ئەو بزاڤە بووە لە خەبات و سیاسەت و دەسەڵاتی ئەمڕۆ (سەدەی بیست تا ئێستا) ئەو سیستم و ئەڵتەرناتیڤانەی کە لە هەردوو ئۆردووگای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی جاراندا بوو کە ئەویش دیدگا و ڕوانگەکان بووە بۆ ئازادی، دیموکراسی و مرۆڤایەتی.



**مارکس**

### ١- دەوڵەت و ئازادیی ئەندێشە:

مارکسی لاو لە سەرەتای کارە ڕۆژنامەوانییەکاندا داکۆکی لە ئازادیی تەواوی چاپەمەنی دەکردو بەردەوام بوو لە هێرشە توندەکانی بۆ سەر یاسای سانسۆر. ئەو تاکڕەنگی و تاک بیروباوەڕی وەک گوشاری سنووردارێی حکوومەت و دەسەڵاتی بێ پەروا دەناساندو دەیوت: «بۆنی وەنەوشە لە گوڵی سوور چاوەڕوان ناکرێت، ڕوحی مرۆڤ کە دەوڵەمەندترین شتە چۆن دەبێت تەنیا لەیەک شێوازدا هەبێت، یان دیل بکرێت؟» هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دیدگاکانی خۆی دەربارەی نارۆشنی و شاردنەوەی یاسای چاپەمەنی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕەها بدات بە بەرپرسان. مارکس ئەوەشی سەلماند کە سانسۆر نەک تەنیا دژی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنە، بەڵکو لەگەڵ خودی ئامانجی دەوڵەتیشدا ناکۆکە.

ئازادیی چاپەمەنی بنیادەکەی بە تەواوی لەگەڵ سانسۆردا جیاوازە، چونکە بیری ئازادی چاکەیەکی ڕاستەقینەیە، سانسۆر شێوازێکە لە کۆیلایەتی، چەکی ئەو بیروباوەڕانەیە کە نەک لەسەر گەوهەری دیاردەکان، بەڵکو پشت بە ڕوخساری ئەوان دەبەستێ. سانسۆر بە تەواوی شتێکی خراپە، ئازادی بە شێوەیەک ڕیشەی قووڵی لە سروشتی مرۆڤدایە، تەنانەت کاتێک دوژمنانی ئازادیش هەڕەشەی نەبوون، یان ستاندنی ئازادییان لێبکرێت، هەوڵ دەدەن بە دەستی بهێننەوە. ناوەڕۆکی

ئازادی چاپەمەنی، ناوەرۆکی گونجاو، یان شایستەی ئازادییە لە کۆمەڵی پێشکەوتوودا، چاپەمەنی سانسۆرکراو دیاردەیەکی بێ دەست و پێیە، خوێنی رژاوی کۆیلایەتی، دێوی ترسناکی شارستانییە، فەرزەندی کەمئەندام و بۆگەنیوی سروشتە. دوای ئەمانە ئایا دیسان دەبێت بیسەلمێنین کە ئازادی و گەوهەری چاپەمەنی پێویستن بۆ یەک و سانسۆر لەگەڵیان دوژمنە؟

مارکس بەردەوام دەبێت و دەڵێ: «سانسۆر وەک کۆیلایەتی هەرگیز لەسەر حەق نییە، تەنانەت ئەگەر هەزار جاریش شێواز و رژێمی یاسایی بۆ دروست بکرێت» تەنیا یاسای راستەقینەی چاپەمەنی، ئەو یاسایەیە کە پارێزگاری لە ئازادی چاپەمەنی دەکات، سانسۆر لەگەڵ سروشتی یاسا و دەوڵەتدا دوژمنایەتی هەیە، چونکە چاپەمەنی ئازاد مەرجی نیاز و پێویستە بۆ هێنانەدی و سەلماندنی خودی سروشتی دەوڵەت. ئازادی چاپەمەنی بەرجەستە بوونی شارستانییە، هۆکاری پێوەندی تاکە لەگەڵ دەوڵەت، ئاوێنەی هەست و بیرەکانی مرۆڤە. چاپەمەنی سانسۆرکراو ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەو گەندەڵی دەبات و دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت تەنیا دەنگی خۆی ببیستێ. بۆ پاساودانی ئازادی پێویستمان بە سەلماندن نییە، چونکە ئازادی لە ژیانی مەینەوی مرۆڤ دانابڕێت. لە سیستمێکی ئازاددا، جیهان چۆن بچەرخێ، خۆری ئازادی لی هەڵدێ، دروست بە هەمان شێوەی کە گەردوون هەمیشە خۆری لێ هەڵدێ. ئەگەر داوا لە تاک بکرێت بە پێچەوانەی دڵخوازی خۆی ئازاد بێت، ئایا ئەوە نکوڵی لە ئازادی ئەو نییە. چاپەمەنی هۆکارێک نییە بۆ ئامانجێکی دیکە، بەڵکو بۆ خۆی ئامانجە، ئەو یاسایانەی کە سەودای ئاڵوگۆڕی مەینەوین، نابێت چاپەمەنی سنووردار بکەن.

لەم دێڕانەدا چەند مەبەستێکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت ئەوانیش: مارکس وشەی (دەوڵەت) دروست بە واتای دەوڵەتی دیموکراتی هاوچەرخ و مۆدێرن، یان ئازاد بەکار دەهێنێ، هەروەک لە لاپەڕەکانی ئایندەدا رۆشنتر دەبێت. داکۆکی کردن لە چاپەمەنی وەک ئامانجێک نەک وەک هۆکار، ئەوپەڕی دیدی فراوان و مرۆڤدۆستی مارکس نیشان دەدات و پارێزگاریشە لە ئازادی چاپەمەنی و ئەندێشە. بێ گومان تاوانبارکردنی هەموو ئەو دەسەڵات و حکوومەت و یاسایانەیە کە لە سەردەمی مارکسەوە تا ئێستا بەناوی دیموکراسی و ئازادی کاریان کردووە و داوەرییەکی نێگەتیڤە بۆ هەموو ئەو دەسەڵاتانەی بەناوی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە دەم و رەنگ و دەنگی مرۆڤەکانیان کلۆم داوەو سروشتی ئازادانەی دەوڵەتیان لە خەڵک نکوڵی کردووە.

سەرئەنجام مارکس لە بەڵگە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە نێوان دەوڵەت و یاسای راستەقینەدا باس دەکات، واتە ئەو دەوڵەت و یاسایەی لە سروشتی خۆیان نامۆنین و ئەو یاساو نیهاوانەی کە بەزەبری هەژموون و دەسەڵاتی پۆلیسی دەپارێزرێن و تەنیا بە شێوەی رووکەش و دەرەکی ناچارکراو بە جیاوازی رازی دەبن. پەسەندکردنی جیاوازی پێوەندی بە دیدگای هیگڵەوە هەیە کە دەڵێت: (ئەو دەوڵەت و یاسایەی کە نایانەوێت ئازادی بێتەدی، لەگەڵ خودی چەمک و گەوهەری یاسا و دەوڵەتدا ناکۆکن، ئەگەرچی بە زەبری زۆر بپارێزرێن، بەڵام بەشێک نین لە تێگەیشتنی راستەقینەی دەوڵەت و یاسا.) لەگەڵ ئەوەشدا مارکس لە بڕوای هیگڵ فراوانتر بیردەکاتەوەو بڕوای بەوە نەبووە بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتی (راستەقینە) بتوانن سنووردارکردنی ئازادی بەیان و قەڵەم پاساو بدەن، چونکە بە بڕوای ئەو ئازادی بەشێکی بنەڕەتییە لە دەوڵەت. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەرچی ئەو چەمکی نەریتی دەوڵەت وەک زاراوەیەک بەکاردەهێنێ، بەڵام کە لەگەڵ ئازادیدا بەراوردی دەکات، ئەوە دەسەلمێنێ کە دەوڵەتەکانی ئێستا راستەقینەن، یان تەنیا ئەزموونن. لەبەکارهێنانی ئەم رەوشە، یان میتودە رێگای خۆی لە هیگڵ جیادەکاتەوە، ئەمەش بە گوتنی ئەم رستەیە بەکاردەهێنێت کە: ئازادی فەرەیی بوون بەهایەکی بنەڕەتییە بۆ مرۆڤ کە حەقانییەتەکەی لەناو خودی خۆیدایە (دەتوانین بڵێین لەناو خودی مرۆڤ و ئازادییەکەیدایە!).

دوورنمایەکی بنەڕەتی دیکەش لە گرنگیدانی ئەو سەردەمەی مارکس (١٨٤١ - ١٨٤٣) لەو شیکردنەوانەدا دەرکەوت کە دەربارەی باسوخواستی ئەنجوومەنی هەرێمەکان (ویلایەت) بوو سەبارەت بە یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی داری دارستانەکان. (ئەم یاسایە هەڵوەشانەوەی نەریتێک بوو کە جووتیاران دەیانتوانی بە خۆڕایی داری سووتاندن کۆبکەنەوە) مارکس داکۆکی لە جووتیاران و یاسا نەریتییەکە کردو هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی گرتەبەر و لە هەمان کاتیشدا

سەلماندی کە ئەنجوومەنی هەرێم پایە و شایستەیی یاساکان و مەرجەعییەت و دەوڵەتی تا ئاستی هۆکارەکانی بەرژەوەندی و ژیانی تایبەتی خاوەن زەوییەکان، هێناوەتە خوارەوە، بۆیەش گەوهەری ئەندێشەی دەوڵەتی خستووەتە ژێرپێ. بەم جۆرە مارکس کە دەوڵەتی بە نوێنەری هەموو کۆمەڵ دەناساندو دەیوت دەبێ لە بەرانبەر ئەو دامەزراوانەدا بوەستێ کە دەیانەوێت دەوڵەت بکەنە هۆکاری بەرژەوەندی و سوودی ئەم، یان ئەو بەشەی کۆمەڵ، ئەمەشی لە کاتێکدا کرد کە بیرمەندان و دەسەڵاتداران نەیاندەزانی چۆن ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە کە بنەماکانی دەوڵەت بتوانن لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا سازگاربن، یان بە چ شێوازێک دەوڵەت بتوانێت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی هەژاری و نایەکسانی چارەسەر بکات.

**٢- دەوڵەت، کۆمەڵ، تاک:**

خواستی مارکس بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی سیاسەت هانی دا فەلسەفەی سیاسی و یاسایی هیگڵ قووڵتر بخوێنێتەوە. نووسراوی (ڕەخنە لە فەلسەفەی حەقی هیگڵ)ی ساڵی ١٨٤٣ نووسی و هەرگیز ئەم کتێبەی تەواو نەکرد (کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧ چاپ کرا)، بەڵام بەشێک لە ئەندێشەکانی لە نووسراوی (پرسی یەهوود) و پێشەکی کتێبی ناوبراو بۆ ڕەخنە لە هیگڵ بڵاوکردەوە. ئەم دوو بەرهەمە لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٣ لە گۆڤاری (بڵاوکراوەی ئەڵمانی - فەرەنسی)دا بڵاوکرانەوە. لەوکاتەدا مارکس لەگەڵ (ئارنۆڵد ڕۆگە و مۆزز هس) ئەم گۆڤارەیان بەڕێوەدەبرد. لە پاییزی هەمان ساڵ لەگەڵ (جێنی) هاوسەریدا بەرەو پاریس چوون و لەوێ مارکس لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سۆسیالیستی کرێکارانی فەرەنسا و ئەڵمانی پێوەندی دامەزراند.

بەڵام پێشتر لەدوای خوێندنەوەی کتێبی (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لەفەرانسەی ئەمڕۆ ١٨٤٢) ی (لۆرانس فۆن شتاین) تا ڕادەیەک لەگەڵ بانگەشەی کۆمۆنیستی لە فەرەنسا ئاشنابوو. فۆن شتاین کەسێکی هیگڵی کۆنەپارێز بوو، بە فەرمانی دەوڵەتی پروس لێکۆڵینەوەی دەکرد دەربارەی بزاڤە سۆسیالیستەکانی کرێکارانی ئەڵمانی لە پاریس، ئەو دژی سۆسیالیزم بوو و دەوڵەتی بیرۆکراتی چینایەتی بەمەرجی پێویست دەزانی بۆ سازمەندانی کۆمەڵ. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکەی فۆن شتاین زانیاریی فراوانی تێدابوو، لەناو کۆڕی ڕادیکاڵی ئەڵمانەکاندا ناوبانگی پەیداکرد. مارکس لە ڕەخنەی تەواوی خۆی لە هیگڵ، ئەو بڕوایەی کردە ئامانجی هێرش کە بەها و سەرچاوەی بەدیهێنانی دەوڵەت بە تەواوی سەربەخۆیە لە ئەزموونی تاکەکان. هیگڵ گوتبووی کارکردەکانی دەوڵەت تەنیا بەشێوەی ڕێکەوت پێوەندییان بە تاکەوە هەیە، لەکاتێکدا (بڕوای مارکس وابوو) ئەم پێوەندی و پابەندبوونە بنەڕەتییە و پێوەندییەکی جەوهەرییە. هیگڵ کارکردەکانی دەوڵەت تەنیا لەناو خودی دەوڵەت و بەدابڕاوی پێناسە دەکات و تاکەکان بە ئەنتی تێزی ئەو کارکردانە دەزانێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە (هەروەک مارکس دەڵێ): جەوهەری مرۆڤ تەنیا خوێن و ڕەگوڕیشە و سروشتی جەستەیی ئەو نییە، بەڵکو لە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەیدایە، کارکردەکانی دەوڵەتیش شتێکی زیاتر، یان کەمتر نین لە وێنەکانی بوون و کاریگەریی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ، بۆیە گونجاو ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە ڕوانگەی سروشتی کۆمەڵایەتی نەک دابڕاویان، بە نوێنەرانی کارکردو مەرجەعییەتی دەوڵەت بزانین.

پرسێکی دیکەی مارکس (بە پەیڕەوی لە فیۆرباخ) ئەوەبوو بە هەڵگەڕانەوەی پێوەندی خود و بابەت، فەلسەفەی هیگڵی دایە بەر ڕەخنەو وتی: لەم فەلسەفەیەدا، مرۆڤەکان کە بابەتە واقیعی و ڕاستەقینەکانن لە گەوهەرێکی گشتییەوە کراون بەو خودانەی شتەکانیان هەڵگرتووە. ڕاستییەکەی، هەموو ئەوانەی کە پرسی گشتین بە تەواوی بەشێکن لە سیفاتەکانی بوونی مرۆڤ و بابەتی ڕاستەقینەی بەردەوام و بێ کۆتایین. لەلای هیگڵ، مرۆڤ شێوەی لاوەکی و زەینی بوونی دەوڵەتە، لە کاتێکدا دەبێ (دیموکراسی لە مرۆڤەوە پەیدابێت و دەوڵەت دەکات بەمرۆڤی بابەتی کراو، هەروەک چۆن ئایین مرۆڤی دروست نەکردووە، بەڵکو مرۆڤ ئایینی دروست کردووە، یاسای بنەڕەتیش «دەستوور» مرۆڤی دروست نەکردووە، بەڵکو مرۆڤ یاسای دروست کردووە.) مارکس تێدەکۆشێ هەموو نیهادە سیاسییەکان لە مەیدانی تیوریدا بگۆڕێت کە سەرچاوەکەیان لە مرۆڤەوە پەیدا دەبێت. لە هەمان کاتیشدا دەخوازێ دەوڵەتی واقیعی و ڕاستەقینە بکاتە پابەندی نیازەکانی مرۆڤ و لە هەوڵی ئەوەدایە

بیسەلمێنێ کە دەوڵەت جگە لە کارکردەکانی بۆ خزمەتی مرۆڤ، هیچ بەهایەکی سەربەخۆی نییە. بەشێوازێکی رۆشنتر، مارکس دەیەوێت سروشتی لەخۆ نامۆ بوون لە بنەما سیاسییەکان بکاتەوە. تەنیا دەوڵەتێک راستەقینەیە کە شێوازێک بێت لە کۆمەڵگای خۆی و لە دەرەوە نەسەپێنرابێت و تەنیا ئەو دەوڵەتە سروشتی دەوڵەتی دەبێت. دەوڵەتی نادیموکرات لە بنەمادا دەوڵەت نییە.

هیگڵ کەلێنی نێوان دەوڵەت و مرۆڤ نەمر دەکات، چونکە لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵ بە ئاکام گەیاندنی کەسایەتی (مرۆڤ) بزانێ، دەیکاتە ئەو ئامانجەی کە دەوڵەت کاریگەری لەسەر ئەو دەبێ. مرۆڤی ئاسایی واقیعییەتی گرنگ و بەهرەی دەوڵەتە، بەڵام دروستکراوی دەوڵەت نییە. بەبڕوای هیگڵ تاکەکان نین کە لە ئامانجی هاوبەشدا بابەتی بوون پەیدادەکەن، بەڵکو خودی ئامانجی هاوبەش، نەک مرۆڤ، دەکات بە بابەت. تاکەکان پێویستیان بە ئامانجی هاوبەش بەناوونیشانی ئامانجی راستەقینە نییە، بەڵکو ئامانجی هاوبەش بە ناوونیشانی بوونی دەرەکی پێویستی بە تاکەکان هەیە. کار، یان پرسی ئامانجی هاوبەش لە هەمان کاتدا ئەوەیە کە بەشێوەی تاک، یان لەناو تاکەکاندا بوونی خۆی پەیدا بکات. ئامانجی ئەم رەخنانە ئەوە رۆشن دەکەنەوە: ئەگەر مرۆڤەکان تەنیا «توخمەکان»، یان قۆناغەکانی ئاڵوگۆڕی جەوهەری گشتی بن و ئەم جەوهەرەش لە رێگای ئەوانەوە دەستی بەشێوازی فراوانی بوون بگات، سەرئەنجام ئەوان تەنیا دەبن بەئامراز لە دەستی جەوهەری گشتیدا و بەهای سەربەخۆیان نابێت.

فەلسەفەی هیگڵ پشتیوانی ئەو وەهمەش دەکات کە گوایە دەوڵەت، بەمانای تایبەتی دەوڵەت، بەرجەستەبوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانە، بەڵام ئەم داوەرییە تەنیا کاتێک راست دەبێت کە تێیدا بەرژەوەندی گشتی بەتەواوی لە بەرژەوەندی و نیازەکانی مرۆڤە واقیعییەکان بێگانە نەکرابن. ئەم پرسە پێوەندی نزیکی بەبیرۆکراسی دەوڵەتەوە هەیە. هیگڵ دەڵێت: روحی دەوڵەت و بالابوونی بەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بە ئاگاداری بەرپرسانی دەوڵەت دێتەدی، چونکە ئەم بەرپرسانە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بەیەکسان دەبینن و سەرئەنجام وەک نیهادی دەوڵەت سەنتێزێک لە نێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی بەش و یەکە لاوەکییەکان دەهێننە دی. بەبڕوای مارکس ئەمانە لە فریودان زیاتر نین و رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای بیرۆکراسی پرۆسیایە لە ئەندێشەی هیگڵدا. ئەو بیرۆکراسییەی کە دەخوازێ پەسەندی بکات ئەوەیە کە وەک بالاترین بەرژەوەندی گشتی بەرجەستەی دەکات. پێچەوانەی ئەم بڕوا فریودەرە ئەوەیە کە: هەر کاتێک بیرۆکراسی بکرێتە بنەما، واتە هەر کاتێک بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت ماهیەتی سەربەخۆ و واقیعی و دابڕاو پەیدا بکات، ئەو کاتە نەیاری بیرۆکراسی لەگەڵ یەکە رشتەیی و کۆمەڵایەتییەکانی بەتەواوی دەبێتە نەیاری هەر ئەنجامێک لەگەڵ دەستپێکەکانی خۆی... ئامانجی دەوڵەتی راستەقینە ئەوە نییە هەر هاوولاتییەک بەشێوەیەک خۆی بداتە دەست ئامانجی گشتی کە گوایە بەدیهێنەری ئامانجە تایبەتییەکانە، بەڵکو ئامانجی دەوڵەتی راستەقینە ئەوەیە کە ئامانجی گشتی بەراستی گشتی بێت، واتە پرسی تاکە تاکەی مرۆڤەکان کۆبکاتەوە.

هیگڵ لەنێوان دوو مەیدانی ژیانی هاوچەرخ جیاکاری دەکات، لەنێوان کۆمەڵی مەدەنی و دەوڵەتی سیاسی. لەم دابەشکارییەدا، کە تارادەیەک مارکسیش پەسەندی کردووە، کۆمەڵی مەدەنی بریتییە لە گشتی بوون، یان کۆکردنەوەی جیاوازی و فرەییەکانی بەرژەوەندی گشتی و تاک - واتە ژیانی ئەزموونی و رۆژانە لەگەڵ تەواوی کێشە و ناکۆکییەکانی کە دەبێتە ئەو مەیدانەی کە تێیدا هەر تاکێک ژیانی رۆژانەی خۆی بەرێوە دەبات و لە هەمان کاتیشدا وەک هاوولاتییەک لە سازمانی دەوڵەتدا بەشدارە. مارکس لەم زەمینەیەدا رەخنەی توند لە هیگڵ دەگرێت و دەڵێت: جیاکردنەوەی ئەم دوو مەیدانە دروستە، بەڵام نابێت سەنتێزێک لە نێوانیان دروست بکرێت، یان وێنابکرێت. دەوڵەت بەشێوازێکی ئێستای نێوەندکاری بەرژەوەندییە تایبەتەکان نییە، بەڵکو ئامرازی شێوازێکی دیاریکراوی ئەم بەرژەوەندییانەیە. هەروەک دەڵێت مرۆڤ وەک هاوولاتی بەتەواوی لەو مرۆڤەی جیاوازە کە کەسایەتییەکی تایبەتە، تەنیا ئەو کەسایەتییە تایبەتە کە پێوەندی بە کۆمەڵی مەدەنییەوە هەیە و لە بوونی بابەتی و راستەقینە بەهرەمەندە. مرۆڤ وەک هاوولاتی بەشێکە لە دروستکراوێکی دابڕاو کە واقیعییەتە دیارەکەی شاراوەیە، یان خاوەن رازی

نهێنییە. ئەم ڕازدارییە لە سەدەکانی ناوەڕاست بوونی نەبوو: لەو ڕۆژگارانەدا جیاکاریی ڕشتە کۆمەڵایەتییە نایابەکان لە خەڵک لە هەمان کاتدا جیاکارییەکی سیاسی ڕاستەوخۆش بوو، واتە شێوە سازبوونی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لەگەڵ دابەش بوونی سیاسیدا پێکەوە ڕوویان دا، یان پێویست بوون بۆ یەک. کۆمەڵە مۆدێرنەکان گرنگی سیاسی دابەشکردنی چینە نایابەکانی نەهێشت، یان ئاڵوگۆڕی پێ کردن، بەڵام دوالیزمێکی هێنایەدی کە کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دانا و لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا لە نێوان نەخشی هاووڵاتی و نەخشی کەسایەتی تایبەتی دابڕان دروست دەکات، بێ گومان مارکس بە وەسفی ئەم ناکۆکییە وازی نەهێناوە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدابووە سەرچاوەکەی ئاشکرا بکات.

**٣- ئەندێشەی ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتی:**

مارکس لە نووسراوی «پرسی یەهوود» ئەم دوورنمایە زیاتر ئاشکرا دەکات و وەک باس و بەرنامەی کردەیی دووبارەی دەکاتەوە. ئەم باسە لە ئەنجامی ڕەخنەکانی خۆی لە برۆنۆ باور خستەڕوو، لەم زەمینەیەدا ئەندێشەکانی خۆی دەربارەی ڕزگاربوونی مرۆیی لە ڕزگاری سیاسی جیادەکاتەوە. مارکس دەڵێ، برۆنۆ باور پرسە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پرسە ئیلاهییەکان دەگۆڕێت، ئەو ڕزگاربوونی ئایینی بەپێشمەرجی سەرەکی بۆ ڕزگاری سیاسی دەزانێ و ئامانجی ئەو تەنیا بڕیاردانە بۆ ڕزگار کردنی دەوڵەت لە ئایین، یان نەهێشتنی ئایین، بەڵام مارکس لە نەیاریی ئەم بۆچوونەدا دەڵێت: سنووردارییە ئایینییەکان هۆکاری سنووردارییە نەریتی و ڕەسمییەکان نین، بەڵکو تەنیا یەکێکن لە ڕوخسارەکانی ئەو سنوورداری و نەبوونی مافانە. ئازادکردنی دەوڵەت لە سنوورداری ئایینی، مرۆڤ لە خراپەی ڕێگرییەکان ئازاد ناکات. لەوانەیە دەوڵەت خۆی لە کۆت و بەندی ڕێگرە ئایینییەکان ڕزگار بکات، بەڵام زۆرینەی کۆمەڵ لە دیلیەتی سنوورداریيەکاندا بهێڵێتەوە، هەروەها لەوانەیە دەوڵەت کاریگەرییەکانی خاوەندارێتی بۆ دەنگدان نەهێڵێت، لەوانەیە دەوڵەت بڵێت پایەی کۆمەڵایەتی و خێزانی کەسەکان گرنگی سیاسییان نییە، بەڵام ئەم سیاسەت و هەنگاوانە دەبنە زەمینە و هۆکاری ئەوەی کە چیدی خاوەندارێتی تایبەتی، پایەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، یان ئایینی کاریگەری و ئەنجامیان نابێت. بە کورتی، هەرچەند ڕزگاری سیاسی، یان ئازادی لە هەندێک پرسی سیاسیدا بەهادار و کاریگەرن، بەڵام هاوکات و هاوئاهەنگ نین لەگەڵ ڕزگاری و ئازادی مرۆیی، چونکە کەلێنی نێوان کۆمەڵی مەدەنی و دەوڵەت وەک خۆی بەهێز دەمێنێتەوە. لە کۆمەڵی مەدەنی، مرۆڤ خەریکی ژیانی واقیعی و تایبەتی و خۆپەرستانەی خۆیانن، گۆشەگیرن و (ژیانیان) پڕە لە بەرژەوەندی ناکۆک و دژ، بەڵام دەوڵەت مەیدانی ژیانی گشتی بۆ خەڵک فەراهەم دەکات و ئەم کۆمەڵایەتی و گشتی بوونە پڕە لە وەهم. ئامانجی ڕزگاریی مرۆیی ئەوەیە کە سروشتی گشتی و چۆنایەتی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژیان و ژیانی تایبەتی تاکەکان یەکسان بن. ئامانج لەوەدایە کۆمەڵگا لەم ڕێگایەوە سروشتی کۆمەڵایەتی پەیدا بکات و لەگەڵ ژیانی دەوڵەتدا بیانکات بەیەک. بەبڕوای مارکس برۆنۆ باور نەیتوانیوە بڕواتە ناو قووڵایی سەرچاوەی واقیعی و ڕاستەقینەی دژایەتی و نەیاریی نێوان تاک و ژیانی گشتی، ئەو تەنیا لە بەرانبەر بەرجەستەبوونی ئایینی ئەم دژایەتییە خەبات دەکات.

ئازادی دڵخوازی ئەو ئازادی مۆناد، هەستی تەنیا ژیانە وەک ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادی لەلای ئەو لەسەر ئەو سنووردارییانە بنیادنراوە کە هەرکەسێک بۆ خۆی پەسەندی کردووە (ئازادی ئەوانی دیکە سنووری ئازادی من دیاری دەکات). بە لەبەرچاوگرتنی جودایی (کۆمەڵی مەدەنی لە دەوڵەت) دەبێت بڵێین دەوڵەت بە نەهێشتنی سروشتی خود پەروەری، کۆمەکی ژیانی تایبەتی ناکات، بەڵکو تەنیا چوارچێوەی یاسایی ئەم ژیانە فەراهەم دەکات. شۆڕشی سیاسی، خەڵک لە حکوومەتی دارایی و ئایین ڕزگار ناکات، بەڵکو تەنیا مرۆڤ دەباتەوە سەر خاوەندارێتی و مافی هەبوونی باوەڕی ئایینی تایبەت. سەرئەنجام ڕزگاری سیاسی دابەشبوونی دوالیزمی مرۆڤ دەسەلمێنێ. «مرۆڤی ڕاستەقینە دەبێت هاووڵاتی دابڕاو سەرلەنوێ بانگ بکاتەوە بۆ دەروونی خۆی، مرۆڤی ڕاستەقینە دەبێت لە ژیانی تایبەتی و پێوەندی و کاری تاکانەی خۆیدا، بەرەو بوونێکی چۆنایەتی (Species - being) بگۆڕێت، مرۆڤ دەبێت هێزەکانی خۆی بە هێزی کۆمەڵایەتی بزانێت و ئەم هێزانەش سازمان بدات، چیدی نابێت خۆی بەشێوەی هێزی سیاسی لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان جیابکاتەوە. ڕزگاری مرۆڤ کاتێک بە ئاکام دەگات کە

ئەم ئامانجە بهێنێتەدی»

مارکس بیروڕایەکی دیکەش دەهێنێتەدی کە بەهۆیەوە توانی لە مەیدانی سیاسیدا، لە بەرنامەی سیاسی و کۆماریخوازی و دژەفیۆدالّی و هیگلّییە لاوەکان فراوانتر بڕوات و ئەو گۆڕانە کۆمەلاّیەتییە بکاتە ئامانج کە دژایەتی نێوان ژیانی تایبەتی و سیاسی لەنێو ببات. لە دیدگای فەلسەفیدا، پایەی ئەم دیدە هەمان بیری ئەو مرۆڤە کۆمەلاّیەتییە بوو کە لە نەیاری دەروونی نێوان بەرژەوەندی گشتی و کۆمەلاّیەتی فراوانتر هەنگاو دەنێت. دیدی فراوانتری مارکس بۆ مرۆڤایەتی شتێکی قوولّتر و فراوانترە لە دیدگا و ڕێبازی فیۆرباخ، چونکە لەلای ئەو ڕازداری ئایینی تەنیا یەکێکە لە جیلوەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی نەک ڕەگوریشەی کۆمەلّ. مارکس پێچەوانەی فیۆرباخ، مرۆڤ لە دیدگای سروشت باوەڕی شی ناکاتەوە، بڕوای بەوە نییە کە ئەگەر تەنیا لە خۆنامۆبوونی ئایینی نەمێنێ، ئیدی مرۆڤ دەگەڕێنەوە بۆ ڕێسای یارمەتی و هاوکاری و ئەم ڕێسایەش بەنیازی هاوئاهەنگی دەروونی خۆی بەسەر کۆمەلّگادا پەخش دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە، بەبڕوای مارکس ڕزگاری مرۆڤ بەشێوەی تەواو مرۆڤایەتی ئەو ڕزگارییەیە کە یەکسان بوونی ژیانی تایبەتی و گشتی و یەکبوونی مەیدانە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکان تێیدا مەیسەر دەبێت. بەبڕوای ئەو، هەر کاتێک تاک هۆشیارانە کۆمەلّ بخاتەوە ناوخۆی و هەموو مرۆڤەکانیش بزانن کە کۆمەلّ لەسەر شانی ئەوان ڕاوەستاوە، ئەوکاتە مرۆڤیش سەرلەنوێ خۆی بەدەست دەهێنێتەوە و بۆ خۆیی بوون و تایبەتمەندێتی خۆی دەگەڕێتەوە.

لەگەلّ هەموو ئەوانەشدا، ئەو ڕوانگە و دیدگایەی کە مارکس لە ڕەخنەی فەلسەفەی هیگلّدا و لە پرسی بەهوودا نەخشاندبووی تا ئەندازەیەک یۆتۆپیایەکی دلّبەند بوو (واتە بەشێک بوو لە چەمکی یۆتۆپیا کە پاشان خودی مارکس ڕەخنەی لێ گرت)، چونکە ئەو تەنیا ڕەوشی واقیعی دوالیزم و جیابوونەوەی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو یەکبوونە خەیالّی و دلّخوازە دانابوو کە بەشێوەیەکی دابڕاوی سەخت وێناکرابوو. ئەم پرسە هێشتا جێگای باسوخواسە کە ئەم یەکبوون و یەکسانییە بەوردی و زیرەکی لە کام ڕێگا و لەلایەن کام هێزانەوە دەهێنرێتە دی.

**٤- ڕزگاری مرۆڤ و سۆسیالیزم:**

نامەی مارکس بۆ ئارنۆلّد ڕۆگە لە ئەیلوولی ١٨٤٣ بە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی مارکس دادەنرێت و لەوێدا بیروڕای تایبەت بە شۆڕش و ڕزگاری مرۆیی تێدایە، کە:

«دەبێت لەناو بنەماکانی خودی جیهاندا، بنەمای نوێ بۆ جیهان پەیدابکەین. دەبێت بە جیهان نەلّێین دەست لە خەباتی بێهوودەت هەلّبگرە، بەلّکو دەبێت شتێکی بدەینێ کە تێکۆشان لەپێناویدا بەهادارە! ڕێگا بدەن تەنیا ئەوە بە دنیا نیشان بدەین کە بۆچی دەجەنگێ، ئەو ئامانجە چییە کە جیهان بیەوێ، یان نەیەوێت، دەبێت بیزانێت. ڕیفۆرمی هۆشیاری تەنیا لەوەدایە کە جیهان لە ئاگایی خۆی تێ بگات، دەبێت بێداری بکەینەوە لەو خەونە نارۆشنانەی کە بەخۆیەوە دەیبینێ و چالاکی واقیعی نیشان بدەین. ئێستا کات زوو نییە کە جیهان دەربارەی خەونەکانی خۆی بدوێ، دەبێت ئەو خەونانە بێنەدی.»

مارکس دەیەوێت نەخش و کاریگەری مەزنی بێدارکردنەوەی ئاگایی نیشان بدات و تەنیا ئەوەشی نەدەویست کە زیاتر لە هیگلّییە لاوەکان و پەیڕەوانی فیۆرباخ و زۆربەی نووسەرانی سۆسیالیستی دەیەکانی سی و چلی سەدەی نۆزدە پێشتر بکەوێت، بەلّکو دەیخواست ئامانجی گۆڕان و ڕزگاری مرۆیی بکاتە بنەمای بیرکردنەوەی فەلسەفی و سیاسی. بەبڕوای مارکس هۆشیاری ڕیفۆرم کراو مەرجی بنەڕەتییە بۆ گۆڕانی کۆمەلاّیەتی، چونکە ئەم شێوازەی هۆشیاری، ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە هێشتا نهێنی و شاراوەن، یان دەتوانێت ئاشکرایان بکات. ئەم هۆشیارییە ئەو پرسانەی کە هەمیشە ئامانجی ڕاستینەی بزاڤە ڕزگاریخوازەکان بوون، شێوازی ناسراویان پێ دەبەخشی، هەربۆیە مەیلی ناخودئاگای مێژوویی بۆ ڕێبازی ئاگاهانە دەگۆڕێت، ڕەوتی بابەتی بۆ کرداری خوازراو و ویستراو دەگۆڕێت. ئەمانە بنەمای ئەو پرسانە بوون کە مارکس دواتر بە سۆسیالیزمی زانستی ناساندی و لەبەرانبەر سۆسیالیزمی یۆتۆپی ڕایگەیاندن. ئەو کاتەی مارکس شۆڕش بە ئەنجامی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤەکان لەمانای ڕەفتاری خۆیان دەزانێ، ڕاستییەکەی لە بیروڕای یۆتۆپی سۆسیالیستەکانی هاوسەردەمی خۆی دەرباز دەبێت و ڕوو وەردەگێڕێ لە دوالیزمی فیختەیی نێوان تەکلیف و واقیعییەت کە هیگلّییە لاوەکان بڕوایان پێبوو.